www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 11-6-2007 18:01

## کۆرەک و مۆبیتێل؛ شەڕێکی لیخن لەدەراوێکی ڕوون ... ئیبراهیم عەباس

دوو پێچ پێش ئەوەی لەهەولێرەوە بەهاوینە هەواری پیرمام، بارەگای سەرەکی کۆرەک تیلکۆم و مۆبیتێل بگەی، دوو ڕیکلامی گەورە لەسەر دوو لەوحەی پان و بەرز، سەرنجی ڕێبواران و گەشتیاران ڕاکێش دەکەن، ڕێکلامەکان ئەگەرچی لەپانایی و بەرزی و جۆری هەڵواسین و خودی ئاسنەکان لەیەک دەچن، وەلێ لەنووسراوەکەی سەریان دونیایەک جیاوازی بەدی دەکەی، کەلەیەک کاتدا خەڵقەندەی دەیان پرسیارن، جیاوازییەکانی ئەو دوو وێنەیە، پڕن لەڕەهەندی دژابەرایەتی کەدرێژکراوەی مێژووی سیاسیی وکۆمەڵایەتی و بەحیزبی بوونی ئێمەیەو پڕشکی ئەو دژبەرایەتییە لەپەنای ئەو مۆنۆپۆڵەی لەبازاڕەکانی کوردستان هەیە، لەسەر ڕێکلامەکانیش وەکو بەو دوو ڕیکلامەوە دیارە، واهێدی هێدی دەستیان پێکراو ڕەنگە لەداهاتوودا بێ ترس تر پڕاکتیزە بکرێت.

وێنەی ئەو دوو ڕیکلامە "ئەگەر خوێنەر بەدیقەتەوە سەیریان بکات" هێندە بێ بەرپرسیاری ڕکابەریەکی ڕەقی سیاسیی و ئابووری دەسەڵات خوازانەی باوی کوردستانی لێ بەدی دەکرێت، هەرگیز بۆنی ڕکابەرایەتی (منافسە) ی دوو کۆمپانیای مۆبایلی لێ نایەت!؟ ڕاستە سالانێکە خەڵکی کوردستان لەپەنای بەرەکەتی مۆبایلەوە بەچەندان شێوازی ململانێ حیزبەکانی کوردستان ئاشنان و تێدەگەن شەڕەکان بۆ؟و چۆن؟و لەبەرچی دەکرێن؟ هەر بۆیە داواو فشاری جەماوەری و ڕاگەیاندنەکان بۆ یەکخستەوەی هەردوو تاوەرو تۆڕەکانی مۆبایلی ئاسیا سێڵ و کۆرەک تیلکۆم هێندە دەکار خرا، چەندان جار ڕووبەڕووی سەرکردایەتی باڵای هەردوو حیزبە گەورەکان کران، کەچی ترسی ئەمنی و ئابووری و پاشقوڵ گرتن و بێ متمانەیی، ئەو داوایەی خەڵکی بێ ئاکام هێشتەوەو نەئاسیاسێڵ گەێشتە هەولێرو دهۆک و نەکۆرەک مۆبایلش بەنرخی ئاسیایی و بەبێ ڕۆمینگ گەیشتە سلێمانی.

بەڕاستی جێگای پرسیارە چ هونەرێک لەدژە ڕیکلامیدا هەیە؟ و چ پێویستە مۆبیتێل کەتازە دەست بەکار بووە، شێوازی ڕێکلامەکانی لەدژی کۆرەکی لەمێژینە بنووسێت؟ ئەوەش لەکاتێکدا هەردوو کۆمپانیایەکەیە بارەگای سەرەکیان لە (هاوینەهەواری پیرمام) ە و، پێدەچێت کارەکەتەرەی بەناوبانگی سیاسیی لەپشت هەرکامێکیانەوە بێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.